# ڕۆژی گەل ROJI GEL

هەفتەنامەیەکی سیاسی ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات

ژمارە (182) یەکشەممە 10/٦/٢٠٠٧


لەم ژمارەیەدا

کۆنگرەی قاهیرە کێشەکانی کوردستان گەورەتر دەکاتەوە ل ٣

پشکنینی شەوانە سەردەمی کۆن وەبیر دێنێتەوە ل ٤

تورکیا بە ٣ بیانوو دەیەوێ لەشکرکێشی بکا ل ٥

## ژەنەڕاڵەکانی ئەمریکا بە نیگەرانیەوە لە زیادکردنی سەرباز لە عێراق دەڕوانن

دێڤید پاتریۆس فەرماندەی هێزە فرەرەگەزەکان لە عێراق دانی بەوە دانا کە زیادکردنی ژمارەی هێزی ئەمریکی لە عێراق کاریگەریی لەسەر کەم کردنەوەی نائارامی و ئاڵۆزی لەو وڵاتەدا نابێ، بەڵام هیوای خواست کە خەڵک و هۆزەکانی ناوچەکە ڕۆڵی خۆیان لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستان ببینن.

لەلایەکی دیکەشەوە ژەنەراڵ دۆگلاس لۆت راوێژکاری نوێی سەرۆکی ئەمەریکا بۆ جەنگی عێراق و ئەفگانستان سەبارەت بەزیادکردنی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق رایگەیاند ئەگەر پاڵپشتی و هاوکاری سوپای عێراق و وەزارەتەکانی دیکەی ئەمەریکا نەبێ سەرکەوتن وەدەست نایەت. ژەنەراڵ لۆت لەلێدوانێکدا لەبەردەم لیژنەی هێزە چەکدارەکانی سەر بە ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکا، گوتی: هەرچەندە ئاکامە بەراییەکان بە تەواوی روون نین بەڵام رەوشی مەیدانی ئاڵۆزە، بۆیە پێشبینی سەرکەوتنی لێ ناکرێ.

# بەغداد ناڕەزایی لە تۆپبارانکردنی گوندەکانی کوردستان دەردەبڕێ و تورکیا هۆشیار دەکاتەوە

**دوێنێ** ڕۆژی شەممە ٩-٦-٢٠٠٧ وەزارەتی دەرەوەی عێراق نامەی ناڕەزایی خۆی سەبارەت بە تۆپبارانکردنی گوندەکانی هەرێمی کوردستان پێشکەش بە نوێنەری تورکیا لە عێراق کرد.

وەزارەتی دەرەوە لە بەیاننامەیەکدا ئاشکرای کرد کە محەمەد حاجی حەمود جێگری وەزیری دەرەوە لەپێوەندی بوردومانکردنی گوندەکانی هەرێمی کوردستان لە لایەن سوپای تورکیاوە نامەی ناڕەزایی وڵاتەکەی پێشکەش بە تورکیا کردووە و داوای لێکردووە کە بەزووترین کات یاداشتنامەی ناڕەزایی بە حکومەتەکەی بگەیەنێ.

هەواڵەکان پێشتر ئاماژەیان بەوەدابوو کە سوپای تورکیا بە خەستی گوندەکانی" سەرێ هۆرێ ، پشتا شاجا ، شامکێ و سنجێ بێبۆ و بێزەلێ"ی تۆپباران کردووە، دانیشتوانی ئەو گوندانەش ناچاربوون بۆ کۆمەڵگەی "شێلادزێ و دێرەلۆک " رابکەن . لەئاکامی ئەو تۆپبارانە زیانی گیانی و مالی زۆریا بە دانیشتووانی گوندەکان گەیشتووە.

جێی ئاماژەیە کە ڕۆژی پێنج شەممەی رابردوو سوپای تورکیا لە بەیاننامەیەکدا رەوشی ئاوارتەی لە شارەکانی شەڕنەخ، جۆلەمێرگ و سێرت راگەیاندبوو، هەروەها بڕیاری دابوو کە بۆ ماوەی سێ مانگ سنوورەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دابخات.

پێش راگەیاندنی رەوشی ئاوارتە، مەمتاز سۆسیال وەزیری پێشووتری کاروباری دەرەوەی تورکیا لە نووسینێکدا کە لە رۆژنامەی جەمهوریەت بڵاوی کردبۆوە، پێشنیاری پێکهێنانی پشتێنی سووری لەسەر سنوورەکان کردبوو، خواستبووی کە رەوشی ئاوارتە رابگەیەندرێ.

هەروەها رۆژی هەینی رابردوو سوپای تورکیا لە بەیاننامەیەکدا داوای لە پەرلەمان کرد کە مۆڵەتی لەشکرکێشی ناو خاکی هەرێمی کوردستانی پێبدات. ئەمەش مەترسیەکەی گەورەتر کردۆتەوەو ئەگەری لەشکرکێشی نزیک دەکاتەوە.



## شیعەکان هێزی پێشمەرگە بە کوشتنی خەڵکی سڤیل تۆمەتبار دەکەن

**هەواڵەکان:** دوای دەرچوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ناوچەی بەیاعی بەغداد کە لەسەر داوای حکومەتی عێراق و لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی سیاسی کوردستان رەوانەی ئەوێ کرابوون، خەڵکی ناوچەکە خۆشحاڵی خۆیان پێشاندا.

دوای دەرچوونی پێشمەرگە خەڵکی ناوچە تۆمەتی ئەوەیان دا پاڵیان کە گوایە لە ماوەی جێگیربوونیاندا لە بەیاع تاوانی کوشتن و ئەشکەنجەدانی خەڵک و برینی ماڵانیان ئەنجام داوە.

ئاژانسی هەواڵی بەراثا لە زاری پەیامنێرەکەیەوە بڵاوی کردۆتەوە کە خەڵکی ناوچەکە بە دەرچوونی پێشمەرگە خۆشحاڵن چونکە دوای دەرچوونیان دوو گۆڕی بەکۆمەڵ دۆزراوەتەوە کە بیست تەرمی شیعەکانی تێدابووە! کە هەندێکیان بە زیندوویی چاڵ کراون.

پەیامنێرەکە جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە کە هەندێک لەو تەرمانە سەریان لێکراوەتەوەو هەندێکی دیکەشیان شوێنەواری ئازارو ئەشکەنجە بەسەر جەستەیانەوە دیارە.

خەڵکی ناوچەی بەیاع بانگەشەی ئەوە دەکەن کە پێشمەرگە هاودەستی لەگەڵ گروپە تیرۆریستیەکان کردووە، ئاسانکاریان بۆ کردوون، بەوهۆیەشەوە شەوانە هەڵیان کوتاوەتە سە ماڵان و تاڵانیان کردوون.

خەڵکی ناوچەکە بە پەیامنێری" ئاژانسی هەواڵی باراثا"یان راگەیاندووە کە پێشمەرگە پشتیوانی راستەوخۆیان لەو گروپە توندرۆیانە کردووە کە مزگەوتی فەتاح پاشیان کردبووە پەناگەی خۆیان، لەوێوە هەڵیان دەکوتایە سەر ماڵان، تاڵانیان دەکردن و گەنج و لاوەکانیشیان لێ دەکوشتن.

خەڵکی ناوچەکە دەڵێن پێشمەرگەکان بە بیانۆی هاتنوچون ڕێڕەوی سەربەخۆیان دروست کردبوو، دیواری نێوان ماڵەکانیان رووخاندبوو، بەوهۆیەوە ڕێگەی گەیشتن بە ماڵەکان ئاسان کرابوو، بۆیە خەڵکی ناوچەکە بە رۆیشتنی پێشمەرگە دڵخۆشن و بە گەرمییەوە پێشوازیان لە هێزەی مغاویری عێراقی کردووە کە هاتوون و لە جێگەی پێشمەرگەدا جێگیر کراون.

رۆژی گەل سەرسووڕمانی خۆی لەو هەواڵە پیشان دەدات، لە کاتێکدا دەبوایە خەڵکی بەیاع سوپاسی هێزی پێشمەرگە بکەن ، کەچی بە کوشتن و تاڵانیکردن تۆمەتباری دەکەن!!

## سوریا ئەندامێکی پەکەکە رادەستی تورکیا دەکاتەوە

**هەواڵەکان:** حکومەتی سوریا ئەندامێکی پارتی کرێکارانی کوردستانی رادەستی تورکیا کردەوە.

بەگوێرەی زانیاریەکان وڵاتی سوریا ئەندامێکی پەکەکە کە ماوەی شەش مانگ بوو لە زیندانی شاری حەلەب راگیرابوو، رادەستی هێزەکانی ئاسایشی تورکیا کردۆتەوە.

سادق ئەرسەلان ئەندامی پەکەکە بەپێی رێککەوتنامەی ئەدەنە کە لەنێوان سوریاو تورکیا مۆرکراوەو دووپات لەسەر هاوکاری ئاسایشی هەردوو وڵات دەکاتەوە رادەستی میت کراوەتەوە.

رێکخراوی مافی مرۆڤ نیگەرانی خۆی لە رادەستکردنەوەی دەربڕیوەو خواستوویەتی مرۆڤانە رەفتاری لەگەڵدا بکرێ.

## ئەزنار: کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق هەڕەشە لە ئاسایشی ئەوڕوپا دەکات

**هەواڵەکان:** خۆسێ ماریا ئەزناری سەرۆکوەزیرانی پێشووی ئیسپانیا کە بە لایەنگری جۆرج بووش دادەنراو پشتیوانی لە پرۆسەی ئازادی عێراق دەکرد لە هەڤپەیڤینێکیدا بە رۆژنامەی مینوتزی چیکی گوتووە کە زوو کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق زیان بە ئاسایشی وڵاتانی ئەرورۆپا دەگەیەنێ، چونکە بە سەرکەوتنی توندرۆکان تەواو دەبێ. بەوهۆیەوە هەڕەشەیەکی جددی لەسەر داهاتووی وڵاتانی ئەوڕوپا دروست دەبێ.

ناوبراو گوتوویەتی: کشانەوە واتە شکستی ئەمریکا، واتە سەرکەوتنی تیرۆریستان ئەوانەی کە هەڕەشە لە ئەوروپا دەکەن.

ئەزنار لەکاتێکدا داگیرکردنی عێراقی بە هەڵە ناوبردووە، جیهانی بەبێ سەدام حوسێن و تالیبان بە ئارامتر داناوەو خۆشحاڵی خۆی پیشان داوە.

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە پێگەی ئەزنار لەناو خەڵکی ئیسپانیا لە کورتی داوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شەڕی عێراق داوای دادگەیی کردنی دەکرێ.

## سەرۆکی فەیلەقی بەدر: عەرەب ئێمەیان فرۆشت و ئێران باوەشی بۆ گرتینەوە

**هادی عامری** سەرۆکی فەیلەقی بەدری سەربە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی لە دوای وتووێژەکانی قاهیرە لەگەڵ بەرپرسی موخابەراتی میسری و عەمر موسای ئەمینداری گشتی جامیعەی وڵاتانی عەرەبی، رایگەیاند: "دەوڵەتانی عەرەبی دەستبەردارمان بوون و ئێمەیان فرۆشت، بۆ ئێمەش هیچ دەروازەیەکیش نەماوەتەوە تەنها دەروازەی ئێران نەبێت". سەردانەکەی عامری بۆ قاهیرە دوای ئەو لێدوانانەی مالیکی هات، کە هەندێ وڵاتانی عەرەبی تۆمەتبارکرد، کە هەوڵی شکستپێهێنانی حکومەتەکەی دەدەن.

عامری داوای لە وڵاتانی عەرەبی کرد: یەک پێوەریان هەبێت لە عیراقدا و حکومەتە عەرەبییەکانی تۆمەتبارکرد بەوەی کە هاوکاری سوننە عەرەبەکان دەکەن. عامری ئەوەشی راگەیاند: "عەمر موسا و بەرپرسی موخابەراتی میسری هاوکاری خۆیان بۆ حکومەتەکەی مالیکی دەربڕیوە" بەڵام لەمبارەیەوە زانیاری زیاتر ئاشکرا نەکراوە.

**سەرچاوە: رۆژنامەی ئەلزەمان**

## رۆژەڤ

رۆژی ٦-٦-٢٠٠٧ ئەنجوومەنی بەناو باڵای پارتە سیاسیەکانی کوردستان لە کۆبوونەوەی خۆیدا بڕیاریداوە کە نابێ پارتە سیاسیەکانی کوردستان بە گشتی و ئەوانەی بەشدارن لە ئەنجوومەنی باڵا بەبێ ئاگاداری ئەنجوومەن بەشداری لە هیچ بەرەیەکدا بکەن. لێرەدا دەردەکەوێ کە ئەنجوومەنی باڵا خۆی لە حکومەت و پەرلەمان پێ گەورەترە، لە وڵاتێکیشدا ئەگەر باسی دیموکراسی بکرێ هیچ دەستەڵاتێک لەسەرووی پەرلەمان و حکومەت خۆی نابینێتەوە.

لەسەروبەندی دامەزراندنی ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسیەکانی کوردستان بانگەشەی ئەوە دەکرا کە ئەنجوومەنێکی راوێژکارییە و مافی بڕیارو دەست تێوەردانی نیە، بەڵام لێرەدا دەرکەوت کە ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسیەکانی کوردستان هەم مافی بڕیاردان بەخۆی ڕەوا دەبینێ هەمیش دەست تێوەردان لە کاروباری حزبەکان و دیاریکردنی هێڵی سیاسی حزبەکانی دیکە بە ئەرکی خۆی دەزانێ.

حزبە سیاسیەکانی کوردستان لەبەرانبەر یاساکانی حکومەتی هەرێمدا بەرپرسیارن، دادگەی باڵای هەرێم دەتوانێ لە کارو چالاکیەکانی حزبەکان بکۆڵیتەوە، بەڵام خۆسەپاندنی ئەنجوومەنی باڵا هیچ ڕەوایەتی نیە. گریمان ئەوانەی ئەندامی ئەو ئەنجوومەنەن دەرفەتی ئەوەیان بۆ دەرەخسێندرێ کە بۆچوون و رامان و پێشنیازەکانی خۆیان بۆ ئەنجوومەن بخەنە روو، ئەی ئەوانەی دەرەوە چۆن دەتوانن دەنگیان پێی بگات؟ لە کاتێکدا دامەزراندنی ئەنجوومەنەکە خۆی لەخۆیدا بۆ خۆ دوور خستنەوە لە حزبەکانی دیکەو هاوێرکردنی گۆڕەپانی سیاسی کوردستانە.

رۆژ دوای رۆژ رەوشی سیاسی کوردستان لەجیاتی بەرەو ئاقاری دیموکراستیزەکردن هەنگاو بهاوێژێ و بەرەو بەرتەسککردنەوەو لە قاڵبدانی بنەماکانی دیموکراسی و ئازادی رادەربڕین دەڕوات، نازاندرێ لە کوێ دەسەنگرێتەوە!

ئەنجوومەنێک ئەگەر مەبەستی باڵادەستکردنی حزبەکانی نیە بۆ کێشەی حزبەکان رووبەڕووی حکومەت و دامەزراوەکانی یاسایی ناکاتەوە؟ ئەنجوومەنێک ئەگەر ئەرکی راوێژکاری وهاوکاریکردنی حکومەت بێ، بۆچی لەجیاتی حکومەتەوە هەڵوێست وەردەگرێ، بڕیار دەدات و گرفتەکان یەکلایی دەکاتەوە ؟

ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسیەکانی کوردستان دەبێ پاڵپشتی لە بڕیارەکانی حکومەتی هەرێم بکات، ئاسانکاری بۆ بکات و ڕێگەچارەی گرفت و کێشەکانی بۆ پێشنیار بکات، کاتێک ئەو سنوورە دەبەزێنێ رووبەڕووی دەیان پرسیاری جۆراوجۆر دەبێتەوە. ئەنجوومەنێک ئەگەر بۆ چڕکردنەوەی دەستەڵات کار بکات و ڕێگری لە دەستاودەستکردنی بکات، نەک کۆمەک و هاریکاری بە حکومەت ناکات، بەڵکو لە ئاکامدا گرفت و کێشەی گەورەی یاسایی بۆ دروست دەکات، لە نرخ و پیرۆزیەکانی پەرلەمان و حکومەت کەم دەکاتەوە، دەبێ بە هۆشیاریەوە سەرنجی لێبدرێ.




## رایس : هێرشی تورکیا ناوچەکە ئاڵۆز دەکات

**کۆندالیزا ڕایس** وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، شەوی شەممەی رابردوو میوانی ئەدیتۆری ئاژانسی ئاسیشۆیتەد پرێس بوو ، ئەو سەبارەت بە ئەگەری هێرشی تورکیا بۆ کوردستان نیگەرانی خۆی دەربڕی و گوتی: ئەمە نە بۆ عێراق باش دەبێ و نە بۆ تورکیاش.

**ڕایس** لە وەڵامی پرسیارەکانی ئەدیتۆری ئاژانسی ئاسیشۆیتەد پرێس دا، سەبارەت بە هێرشی چاوەڕوانکراوی تورکیا بۆ کوردستان بە بیانووی پ.ک.ک گوتی: بەزاندنی سنوورەکانی عێراق لە ئاستێکی بەرزی سەربازی دا، ناوچەکە ئالۆزتر دەکات، جگە لەمەش نە بۆ تورکیا و نە بۆ عێراق ئاکامی باشی لێناکەوێتەوە.

لەم پێوەندیەدا **ڕایس** هۆشداری بە تورکیا دا و گوتی ئەم هێرشە ناوچەکە تووشی کێشەیەکی مەزن دەکات و واشنگتۆنیش شانسی کەمی لە دەست دایە کە پێش بە هێرشی تورکیا بگرێ و ئەم وڵاتە ڕازی بکات کە بڕیارێکی لەم شێوە نەگرێتە بەر.

هەڕەشەکانی تورکیا تەنگژەیەکی راستینی لە ناوچەکە دروست کردووە.